# پێڕەست


| | |
|---|---|
| با بچینەوە کوردستان | ١ |
| هاندان بۆ سەردانی کوردستان | ٤ |
| قۆناخێکی ناسک و ئەرکی نیشتمانی | ٦ |
| بڕیاری سەفەر | ١٣ |
| هەولێر پێتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٣١ |
| دیدار و چاو پێکەوتن | ٣٣ |
| سەفەر بۆ سولەیمانی | ٤٤ |
| جارێکی‌تر لە هەولێر | ٤٦ |
| ڕاپەڕینی خەڵک | ٥٢ |
| هەڵبژاردن و پارلەمانی کوردستان | ٥٤ |
| ناتەبایی لە ڕەوەندی پتەو کردنی دەسەلاّتی نەتەوەییدا | ٥٦ |
| لە خوارووی کوردستان چی دەبینی؟ | ٥٨ |
| یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازەکان چییان لێ دێت؟ | ٦١ |
| گیرو گرفتی سەرەکی مەسەڵی خوارووی کوردستان | ٦٤ |


www.kerimhisami.com

قەرەبۆی تاوانی ئەوان لە ئاست کورد ناکاتەوە.

لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی رەوەندی رووداوەکانی ئیمرۆی کوردستاندا لە تەک فیداکاری و لێقەوماوی و ئاوارەیی خەڵکدا، پێویستە سیاسەت و بەرژەوەندی زلهێزەکان و حکومەتگەلی ناوچەش بخرێنە بەر چاو و شوێنی تایبەتی ئەوان لەم رووداوەدا نەخرێتە پشت گوێ و بە ژیری و لێ زانی مامڵەی لەگەڵ بکرێ.

ئەوەی لەم قۆناخەدا گرنگی بە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان دەدا، هەڵبژاردن و دانانی پارلمانی کوردستانە کە لە مێژووی خەباتی خوێناوی گەلەکەماندا ئەزموونێکی نوێ و بێ پێشینەیە. هەڵبژاردنی پارلمانی خوارووی کوردستان، نەک هەر سەبارەت بە کار تێکردنی دوا رۆژی خەباتی رزگاریخوازی کورد، بەڵکو لە باری دێموکراسی و پێشوازی جەماوەریشەوە بێ وێنە بوو.

خەڵکێکی لێقەوماوی برسی، گەمارۆ دراوی ئابووری، لە نیشتمانێکی وێرانکراوی کیمیایی لێدراو، بە هەڵبژاردنی پارلمان و پاراستنی هێمنایەتی، سەرە رای کەم و کوری و هێندێ ناتەواوی و هەرەشەی حکومەتی لە گیانەلا دابووی عیراق، توانی هەڵدانی سیاسی و ناسناوەی نەتەوەیی خۆی بە ئیسبات بگەیێنێ و جارێکی دیکەش بە دنیا نیشان بدات کە نەتەوەیەکی لێهاتوە و لێ وەشاوەیی بە رێوە بردن و راپەراندنی کارو باری خۆی هەیە. رێبەرانی سیاسی بزووتنەوەی خوارووی کوردستان بە تاقیکردنەوەی خەباتی درێژ خایەن و ئەزموونی هەڵەو ناتەواوی رابردوو، لێهاتوویی خۆیان بۆ یەکێتی و دەر باز بوون لە ساوە ساو و چاوە روانی و بێ بریاری نیشانداو بە هەنگاوی لێ براوانە رێز و هاو دەردی بیرو رای گشتی خەڵکی



www.kerimbisani.com

ئاست کورد بە جیٚ ناگەیەنن. ئیٚستا گەلیٚک کانگا و فابریک و بنیاتی پیشە سازی کوردستان ویستاون و هەزاران کریٚکارو زەحمەتکیٚشی کورد بیٚکارو دەستەوە ستان دەسوورینەوە، بەلاٚم ئەوان ژیانی خەلٚکی هەژاری کوردیان خستوٚتە پشت گویٚ و بوٚ وەکار خستنی بنیاتە سەنعەتیەکانی کوردستان و وەگەر خستنی چەرخی ئابووری و ژیانی خەلٚک هەنگاویٚک ناویٚژن.

دووەم - پیٚوەندی بە هەلٚویٚستی حیزبەدەسەلاٚت دارەکان و بە کارو باری حکومەتی هەریمەوە هەیە. خوٚ ناکریٚ چاوە روان بین کە لە بارو دوخی جوت ئابلوقەی ئابوری و لە ولاٚتی ویٚرانکراوی بەعس لیٚدراو و تالاٚنکراو، هەموو شت ریٚک و پیٚک و لە جیٚی خوٚی بیٚت. بەلاٚم دەکریٚ هەر لەم باردوخە ناهەموارە ئابوریەشدا تەنگ و چەلٚەمەکانی کوٚمەلٚ تا رادەیەک چارە سەر بکرێن. تا رادەیەک یارمەتی زیاتر بە ژیانی دژواری موستەهەقەکان بکریٚ. دەکریٚ دەستی دز و کلاٚو چی و هەلپەرستان کورت بکریٚتەوە. دەکریٚ لە بواری دابەشکردنی ئەرزاق و شتو مەکی پیٚویستی ژیان، بە تایبەت یارمەتی بە ئاوارەکانی کەرکوک و ژن و مندالٚی ئەنفالٚ کراوەکان و خانە نشین و ماموستاکان، هەنگاوی جیددی باویٚژریٚ. بە کورتی ئەگەر دوو حیزبی دەسەلاٚتدار و حکومەت بیانەویٚ ،دەکریٚ ناتەواویەکان تا رادەیەکی زوٚر چارە سەر بکەن.

یەکیٚ لە هوٚیەکانی سەرەکی ئەم کەم و کوریانەی کە هەموو نیشتمانپەروەریٚکی دلٚسوٚزی توشی نیگەرانی کردوە، سیستمی دوو حکومەتی و مەسەلەی «فیفتی - فیفتی» پەنجا بە پەنجا و ململانی دوو حیزبی سەرەکیە کە وەها کاری کردوٚتە سەر رەوتی ئەزمونی

